کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-8-2007 23:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مێژوو شەرم لەكەس ناكات جەنابی وەزیری ناوخۆ ... وەرزێر

مێژوو چاوی ڕەوڕەوەی بەسەرهاتەكانە.. ڕووداوەكان وەك خۆی تۆمار دەكات سڵ لەكەس ناكاتەوە و شەرمیش لەكەس ناكات... مێژوو كارەساتی ئەنفالی كرد بەپەڵەی لەنگی و شوورەیی و دیكتاتۆرەكانی دوێنێی پی كرد بەپەتا.. وتبان ئیبراهیم الحسن زڕ برای سەدامی گۆڕ بەگۆڕ كە وەزیری ناوخۆ بوو بەدڕەوشتی نەما نەیكات زۆرێك لەم جەور و ستەمانە مێژوو تۆماری كرد و ئیستا بووە بەو پەتەی وەك پەتی سێدارەكەی سەدام مژدەی مەرگی بۆ دەهێنی...

وەزیری ناوخۆ دەبێت وەك باوك و برای گەورە تەماشای ئەفسەر و كارمەندەكانی خوار خۆی بكات بەتایبەتی كەهەموومان كوردین و ڕۆژێك باجی بەكورد بوونمان داوە.. ئەوەی هەمیشە شەقامی كوردی باسی لێوە دەكات خراپی دەوروبەری بەرپرسەكانە.. زۆرێك لە ئەفسەرەكان سەرەتا خۆشحاڵ بوون كە كاك عوسمان حاجی مەحموود بوو بەوەزیری ناوخۆ و وەك مرۆڤێكی عادل و دووربین تەماشایان دەكرد.. بەڵام بەداخەوە دەوروبەری گەندەڵ و كاسەلێس جارێكی تریش سەرتاپا ڕەوشی بیركردنەوەی ئەم پیاوە بەڕێزەیان گۆڕی... مەزنترین و زەقترین گلەیی كە ئیستا ڕووبەڕووی كاك عوسمان بۆتەوە ئەوەیە كە لەچاو و دەم و گوێی دەوروبەرە تەسكەكەیەوە.. ئەفسەرەكانی تر هەڵدەسەنگێنێت.. هەرگیز تاوانبار بانگ ناكات و ماوەی بداتی بەرگری لەخۆی بكات و لەنزیكەوە گوێی لێبگری.. بێگومان جیاوازییەكی تەواو ئاشكرا دەكات لەمامەڵە كردن لەگەڵ ئەفسەرەكاندا و بەسەدان جار بەداخەوە فەزڵی خراپی داوە بەسەر چاكدا.. چۆن ئەیهێنین و چۆن ئەیبەین وەزیر دەستبەرداری دوو عەقیدە نازدارەكەی نابێت كە تاكو نەڵێن ئەمە شتی شەخسییە با جەنابی وەزیر لە هۆبەی ڕامیاری بپرسێت لە پاشەڵی یەكێكیان و پاشەڵی ئەوی تریان لە ئوتێل مەلیك بپرسێت نزیك كەباب وەلی و بزانێت لەوی موشتەری چیە؟ ئەگەریش درۆ دەكەم خوا بمگری.. پاشان خۆش نیە كە ئەم كەسە نزیكانە بەئاشكرا بازرگانی بە ناوی وەزیرەوە دەكەن و بەفیزەوە بۆ ئەفسەرەكانی تری باس دەكەن كە چۆن وەزیر چەندین كەرەت ناردویتی بۆ ئیفادی خارج و چۆن وەزیر نامەی سپیان بۆ ئیمزا دەكات... ئەمانە هەمووی زەنگی ترسناكییە.. لەپلە و پایەیی وەزیر كەم دەكاتەوە وەزیری و ناوخۆ دەبێت تەاو دڵنیابێت لەوەی كە ئەم دەسەڵات و پۆستە بەرزەی ئیستای.. بیەوێت یان نەیەوێت پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت ڕۆژی لەڕۆژان دەبێت بەڕابردوو و مێژووش تەواوی ووردەكارییەكانی بە وویژدانە زیندووەكەیەوە تۆمار دەكات.. ئەو كات باسە سوواوە تۆز لەسەر نیشتووەكانی وەك پێشمەرگایەتی و پارتی زانی كێشی پووشێكی نامێنی.. ئەمما نامەی ئەعمالی حەقیقی كردارەكانە كە تۆمار كراوە... بۆیە بەم ڕەوشەی ئیستا هەرگیز نابی بە خەیاڵی جەنابی وەزیردا بێت كە مێژوو سەروەرییەكی لە وەزارەتی ناوخۆدا تۆمار بكات لەبەر ئەوەی نیەتی...

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.